حەکیم بە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی بەغداد: پێویستە خزمەتگوزاری لە دەوروبەری پایتەخت باشتر بێت

سەرۆکی ووتی حیکمەی نیشتیمانی سەیدعەمار حەکیم ئەمە ڕۆژی دووشەممە جەختیکردەوەلە گرنگی کاراکردنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان و باڵابردنی واقعی خزمەتگوزاری لە دەوروبەری پایتەخت.

نووسینگەی سەید حەکیم لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە سەرۆکی ووتی حیکمەی نشتیمانی سەید عەمار حەکیم ئەمە چاوی کەوت بە سەرۆک وئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای بەغداد، وپیرۆزبایی بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەرانی لێکردن.

سەید حەکیم جەختیلەوەکردەوەکە ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕەنگدانەوەیەکی لامەرکەزیەتە کەلەدەستووری عێراقیدا هاتووە، زەرگرنگە کە ئەنجومەنی پارێزگاکان کاراکرنەوەوەی خێیان بەدەستبهێننەوە.

ڕوونیشی کردەوەکە سروشتی وابەستەگی لەنێوان خزمەتگوزاریەکان و سیستەمی سیاسی لەوەتدا هەیە و پێویستە عێراق بەدووربگرین لە ململانێ سیاسیەکان.

سەید حەکیم نیگەرانی خۆی نیشاندا لەو هەڕەشەیەی کەبە پلەوپێگەکان لەئارادایە لەهەندێک پارێزگا، داواشی لەپارێزگاکان کرد کە لەگەڵ ئەمینداریەتی بەغداد ببنە تەواوکەری یەکدی.